




# چنور عوسمان

دیمانە و فۆتۆ :

مەحمود نهێلی/ سلێمانی

ماوەی دوو ساڵە (چنور عوسمان) لە بەرنامەی باخچەی گوڵەکان، راستەوخۆ لە سەر شاشەی کەناڵی سەربەخۆیی پارتی پارێزگارانی کوردستان، ئەبێتە میوانی منداڵە جوانەکان.

چنور لە ساڵی ١٩٨٥ لە سلێمانی لە دایک بووە و ئێستا خوێندکاری قۆناغی یەکەمی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانە.

چنور خان سەبارەت بە هاندەری سەرەکی بۆ ئەوەی لە بەرنامەی منداڵاندا کار بکەت ئەڵێ: چونکە لەگروپی منداڵانی کوردسات بووم، هەروەها لەمنداڵپارێزی کوردستانیش لە بەشی دۆبلاژ کارم ئەکرد، کاتێ کە چاوم بەتەلەفزیۆنی پارێزگاران کەوت، زۆر حەزم کرد بەرنامەیەکی راستە و خۆ لەم کەناڵەدا پێشکەش بکەم، بە هاوکاری خوشکی بەڕێزم کوردە، هەروەها هاوڕێی خۆشەویستم داستان هاتمە ئەم کەناڵە.

لە بارەی هەستی خۆی کە یەکەم بەرنامەی پێشکەش کرد.. چنور ئەڵێت.. لە سەرەتادا تۆزێ ترسم لاهەبوو..، دوایی کە بەرنامەکەم پێشکەش کرد سەرکەوتووبووم و بەڕێوەبەری بەشی منداڵانیش زۆر بەدڵی بوو..،

سەبارەت بەکاری تەلەفزیۆن و خوێندنیشی لە پەیمانگە دا ئەڵێت: کاری تەلەفزیۆن کاریگەری لە سەر خوێندنم نیە، ئەگەر خوێندکار هەوڵ و کۆششی زۆر بدات ئەتوانێت لە هەموو بوارەکاندا سەرکەوتووبێت. پەیمانگەی هونەرە جوانەکان رێیەکی روونە لە بەردەمم، بەڵام من لەرێگەی پەیمانگەوە نەهاتوومەتە ئێرە، پێش ئەوەی بچمە پەیمانگە من لە تەلەفزیۆن ئیشم کردبوو.

چنور خان لە درێژەی قسەکانیدا ئەڵێ: کاتێ لەبەردەم کامیرەدا ئەوەستم هەست ناکەم من منداڵان نابینم، بەڵکو ئەوان وەک تابلۆیەک ئەبینم و بیستنی دەنگی ئەوانیش وێنەیەکم لەلا دروست ئەکات.

سەبارەت بەرەنگەکانیش.. چنور ئەڵێ.. هەموو رەنگەکان جوانن..، بەس رەنگی سوور بەلای منەوە زۆر جوانە چونکە نیشانەی خۆشەویستییە لە بەینی ئێمە و منداڵاندا.

لە بارەی گۆڤاری کەپریشەوە چنور ئەڵێت: لەو باوەڕەدام کە ئەبێتە ساباتێکی تەواوەتی بۆ منداڵان، و رێنیشاندەری منداڵان ئەبێت لەرێگەی بابەت و ئامۆژگارییەکانی.

لە کۆتاییدا.. چنور خان کە خۆی وەک گوڵە..، ئەڵێت جوانترین وشە لای من گوڵە.. بۆیە جوانترین گوڵ ئاراستەی منداڵان ئەکەم.